# رێکخراوی وادی wadi

# WADI Organization

**کورتەیەک لەسەر رێکخراوی (WADI):**

لە دوای گۆرانکارییەکانی ساڵی (١٩٩١) لە عێراق و کوردوستان، چەند گەنجێکی ئەڵمانی بە خۆبەخش روویان لە عێراق کردو لەگەڵ رێکخراوێکی خێرخوازدا بۆ یەکەم جار لەناوچەی عەممارە لە باشوری عێراق دەستیان بە کارکردن کرد، بەڵام دوای ئەوەی کە حکومەتی عێراق لەو ناوچانەدا دەسەڵاتی گرتەوە دەستو تەگەرەی بۆ کارەکانیان دروست کرد، ئەم چەند کەسە بیریان لەوە کردەوە کە روو لە کوردستان بکەن و رێکخراوێکی تایبەت بەخۆیان دا بمەزرێنن بۆ کۆمەکی و هاوکاری خەڵکی کوردوستان و عێراق، بۆیە لەساڵی (١٩٩٣)وە رێکخراوی (Wadi)یان دامەزراند، ناوی رێکخراوەکەش لەوەوە هاتووە کە رێکخراوەکە لە ناوچەیەکدا کار دەکات (عێراق) کە بە (وادی الرافدین) بەناوبانگە.

لەساڵی (٢٠٠٣)شەوە گروپێکی چالاك لە وڵاتی نەمسا کە لە چەند کەسایەتیەکی دڵسۆز بۆ دۆزی عێراق و کورد پێکهاتوون پەیوەندییان بەم رێکخراوەوە کردو بەشی نەمسای رێکخراوەکەیان دامەزراندو لە کاتی ئێستاشدا پاڵپشتێکی سەرەکی چالاکیەکانی رێکخراوی (Wadi)ن.

## چالاکیەکانی رێکخراوی (Wadi) لە کوردستانی عێراق لە ساڵی (١٩٩٣ - ٢٠٠٧):

**١-گرنگیدان بە باری ژیانی ئاوارەکانی کەرکوك:**

لەساڵی (١٩٩٣)وە رێکخراوی (Wadi) چەندین چالاکی بۆ هاوکاری ئاوارەکانی شاری کەرکوك ئەنجامداوە، لەوانە گەیاندنی ئاوی خواردنەوەو دابەشکردنی جل و بەرگ و دەرمان و کردنەوەی سێ باخچەی ساوایان.

**٢-کردنەوەی خولی نەهێشتنی نەخوێندەواری بۆ ژنان:**

لەساڵی (١٩٩٤)وە رێکخراوی (Wadi) بەرنامەیەکی فراوانی بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری لە (٢٨) ناوچەی سلێمانی و هەولێرو گەرمیان بۆ فێرکردنی ژنان ئەنجامداوە، دواتریش بەشداری کرد لە کردنەوەی رێکخراوی چرا بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری و لەکاتی ئێستاشدا چوار بنکەی سەرەکی نەهێشتنی نەخوێندەواریی لە شاری هەڵەبجەی شەهید، تەوێڵە، بیارەو کفری بەردەوامە کە نزیکەی (١٤٠) فێرخواز لە قۆناغە جیاوازەکاندا فێری خوێندن و نوسین ئەکرێن.

هەروەها ئەمساڵ بنکەیەکی فراوانی بۆ نەهێشتنی




نەخوێندەواری لە هەڵەبجەی شەهید کردەوە کە نزیکەی (٧٥) فێرخوازی ژن تیایدا بەشدارن و لە دوای تەواو کردنی قۆناغی سەرەتایی ئەم خوێندکارانە ئەتوانن لە قوتابخانە ئامادەییەکان بەردەوامی بە قۆناغەکانی خوێندن بدەن.

**٣-کردنەوەی کتێبخانەی ژنان:**

لە ساڵی (١٩٩٥) رێکخراوی (Wadi) یەکەم کتێبخانەی تایبەت بەژنانی لە شاری کفری کردەوە بە هاوکاری کۆمەڵەی ئافرەتان و لەساڵی (١٩٩٩) کتێبخانەیەکی دیکەی لەناوچەی قەرەداغ کردەوە بە هاوکاری هەمان رێکخراو. کتێبخانەکانیش تایبەت بوون بە ژنان و کچانی ئەو ناوچانە.

**٤-کردنەوەی دوو سەنتەری تایبەت بە چارەسەری کێشە دەروونی و کۆمەڵایەتیەکان لە هەولێرو سلێمانی:**

ئەوانیش سەنتەری نەوا لە سلێمانی و ماڵی خانزاد لە هەولێر، ئەم دوو پرۆژەیە بیرۆکەیەکی نوعی و دەگمەن بوون و تا ئێستا ئەو دوو سەنتەرە بەردەوامن. سەنتەری نەوا بە هاوکاری حەوت رێکخراوی ژنان و ئافرەتان و هەردوو وەزارەتی تەندروستی و کاروباری کۆمەڵاتی دامەزراو لەکاتی ئێستادا دوای تەسلیم کردنەوەی لەلایەن وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتیەوە بەڕێوە دەبرێت. ماڵی خانزاد بە هاوکاری (١١) رێکخراوی ژنان و ئافرەتان لەهەولێر دامەزراو دوای ساڵ و نیوێك لە بەرێوەبردنی راستەوخۆی لەلایەن (Wadi)وە تەسلیم بە وەزارەتی مافی مرۆڤ کراوە.